عەلا عەبدول زەهرا یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق و یانەی (شەباب ئۆردن)ی بۆ گوڵان

# هیچ بۆندێکم بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ یانەی دهۆک مۆر نەکردووە و هیچ بڕە پارەییەکم لێ وەرنەگرتوون



■ یاریزان عەلا عەبدول زەهرا یەکێکە لە یاریزانە هەرە بتواناکانی عێراقە و لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و بە ( کاکا)ی عێراق ناسراوە، سەرەتا لە یانەی ئەمانە هاتە نێو دونیای تۆپی پێ پاشان چووە ریزی یانەی( دیفاع جەوی ) دواتر چووە ریزی یانەی زەورا کە لەم یانەیە توانی ئاستی راستەقینەی خۆی نیشان بدا پاشان بووە بچوکترین یاریزانی پیشەگر لە عێراق کاتێك کە بۆندی لەگەڵ یانەی (مسکرمانی ئێرانی ) مۆر کرد بۆ ماوەی ساڵێك، دواتر چووە ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و بەشداری لە دوو پاڵەوانییەتی جامی نەتەوەکانی ئاسیا بۆ لاوان کرد کە لە وڵاتی هند و مالیزیا ئەنجام درا،دواتر بۆ هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق بانگهێشت کرا کە لەگەڵ ئەم هەڵبژاردەیە بەشداری لە یارییەکانی ئاسیای کرد کە لە وڵاتی قەتەر ئەنجام درا کە توانیان پلەی دووەم بە دەست بهێنن، دوای کۆتایی هاتنی خولی عێراق یاریزان عەلا عەبدول زەهرا بۆندێکی سەرەتایی لەگەڵ یانەی دهۆك مۆر کرد، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا یاریزان عەلا عەبدول زەهرا بۆندێکی بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ یانەی( شەباب ئوردن)ی مۆرکرد کە بووە جێگای سەرسوومانی گشت چاودێرانی وەرزشی، بۆ زانینی دواین هەواڵی ئەم کێشەیە لە نێوان یانەی دهۆك و یاریزان عەلا عەبدول زەهرا بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ یاریزان عەلا عەبدول زەهرا ساز بکەین لە ئیمارات تایبەت بە گوڵان.■

دیمانە: رێبین رەمزی

*** دوای ئەوەی یانەی مســـکرمانی ئێرانێت بە جێهێشـــت، لەگەڵ کام یانە بۆندت مۆر کرد؟**
- دوای ئەوەی یانەی مسکرمانی ئێرانێم بە جێهێشت بۆندم لەگەڵ یانەی ( شـــەباب ئوردن)ی بۆ ماوەی شەش مانگ مۆرکـــردووە، بۆ ئەوەی لە قۆناغـــی دووەمی خولی ئوردەن لەگەڵ ئەم یانەیە یاری بکەم.
*** ئایا هیچ بۆندێکت لەگەڵ یانەی دهۆك مۆرکردبوو؟**
- تەنیا بە قسە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك پێك هاتبووم کە بۆ یانەی دهۆك یاری بکەم، بەڵام هیچ بۆندێکم بە شـــێوەیەکی فەرمی لەگەڵ یانەی دهۆك مۆر نەکردووە و هیچ بڕە پارەییەکم لێ وەرنەگرتوون، هەروەها ئیســـتغنای نێودەوڵەتیم لە دەست یانەی مسکرمانی ئێرانیە.
*** بەڵام یانـــەی دهۆك نارەزایی دژی تـــۆ تۆمار کردووە لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق و یەکێتی تۆپی پێی ئاســـیا، کاردانەوەت چۆن بوو دوای بیستنی ئەم هەواڵە؟**
- ئەوەی راستی بێت ئەم هەواڵە بۆ من جێگای سەرسوومان بوو، چونکە من بۆندێکم بە شـــێوەی فەرمی لەگەڵ یانەی دهۆك مۆرنەکردووە ئەمانە هەمووی پروپاگەندە بوون.
***بیســـتومانە کە چەند یانەیەکی بەلژیکـــی داوای تۆیان کردووە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەی تا چەند ئەمە راستە؟**
- بەڵـــێ ئەمە راســـتە چەند یانەیەکـــی بەلژیکی و چەند یانەیەکی تری ئەوروپا بۆندیان پێشـــکەش کردووم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام نزیکتریان یانە بەلژیکیەکەیە و لەسەر هەموو شـــتێك پێك هاتووین تەنیا ئەم شەش مانگە یاری بۆ یانەی (شـــەباب ئوردن)ی دەکەم دواتـــر پەیوەندی بەم یانە بەلژیکیە دەکەم.
*** چۆن دەڕوانیە راهێنەری تـــازەی هەڵبژاردەی عێراق کە نەرویجیە ئۆڵسن؟**
- راهێنەر ئۆڵسن یەکێکە لە راهێنەر هەرە گەورەکانی جیهانە و هەروەهـــا راهێنـــەری هەڵبژاردەی نەرویـــج بوو لە جامی جیهانی (١٩٩٨) کە لە فەرەنسا ئەنجام درا و هەروەها توانی دوو جار لە هەڵبـــژاردەی بەرازیل بباتەوە و هیوادارم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بۆ جامی جیهانی (٢٠١٢) سەرکەون.
*** چۆن دەڕوانییە خولی عێراق؟**
- هەر چەندە بارودۆخی عێراق تەواو نییە، بەڵام خولی عێراق هەر بەرێوە دەچێت و یانەکان ئاستێکی زۆر باش نیشان دەدەن و رەکابەریەکی زۆر بەهێز لە نێوان یانەکان هەیە.
*** چۆن دەڕوانییە ئاستی یانەی هەولێر؟**
- یانەی هەولێر باشـــترین و بەهێزتریـــن یانەیە لە عێراق و پار ســـاڵ توانی ئەنجامی زۆر باش بە دەست بهێنێت و بووە پاڵەوانی خولی عێراق.
*** ئایـــا یانەی هەولێر دەتوانی هیـــچ ئەنجامی بەرچاو لە پاڵەوانێتی ئاسیا بە دەست بهێنێت؟ ئایا دەتوانی بۆ قۆناغی دووەم سەرکەوێت؟**
- ئەوەی راســـتی بێت ئێستا باشـــترین ئەستێرەکانی عێراق لە یانـــەی هەولێر یاری دەکەن و هەروەهـــا بۆندی لەگەڵ راهێنەرێکـــی بەتوانا مۆر کردووە ئەویش ئەکرم ســـەلمانە، هیوادارم ئەنجامی باش و بەرچاو لەم پاڵەوانێتیە بە دەســـت

●●●
**چەند یانەیەکی بەلژیکی و چەند یانەیەکی تری ئەوروپا بۆندیان پێشکەش کردووم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم**
●●●




●●●
**یانەی هەولێر باشترین و بەهێزترین یانەیە لە عێراق**
●●●

هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم کاتێک کە بە (کاکا)ی عێراق ناوزەند دەکرێم



جەماوەری یانەی هەولێر زۆر بە وەفایە و لە هەموو کاتێک هانی یانەی هەولێر دەدەن

بێنن و بۆ قۆناغەکانی کۆتایی سەر کەون.

***هۆی ئەو ئەنجام خراپانی یانەی زەورا چییە؟**

- یانـــەی زەورا وەکـــو قوتابخانەیەك وایە بـــۆ پێگەیاندنی یاریزانەکان لە عێراق، بەڵام یانەی زەورا پێش دەست پێکردنی خولی عێراق تووشی چەند گرفتێك هات وەك زۆربەی هەرە زۆری یاریزانەکان ئەم یانەیان جێهێشـــت روویان لە یانەکانی دەرەوەی عێـــراق کرد و هەروەها گۆڕینی راهێنەر و گۆڕینی ســـەرۆك یانە و گرفتی نەبوونی پارە و کێشـــەی یاریگای زەورا ئەمانـــە هەمووی هۆکاری ســـەرەکی بوون، هیوادارم بە زووترین کات یانەی زەورا بگەڕێتەوە ئاســـتی راستەقینەی خۆی.

*** دوای دوورخستنەوەی ئەحمەد رازی لە پۆستی سەرۆکی یانـــەی زەورا، ئایا یانەی زەورا ئەحمەد رازی لە دەســـتدا؟ یاخود ئەحمەد رازی یانەی زەورای لە دەستدا؟**

- ئەحمەد رازی ناوێکی زۆر گەورەیە لە مێژووی تۆپی پێی عێراق و من حەزم نەدەکرد ئەحمەد رازی لە یانەی زەورا دوور بخرێتەوە، چونکە زۆر خزمەتی تۆپی پێی عێراق و یانەی زەورای کردووە، هیوادارم بە زووترین کات بگەڕێتەوە یانەی زەورا، لە هەمان کاتدا دەستەی کارگێڕی یانەی زەورا هیچ کەمتەرخەمی بەرامبەر یانەی زەورا نیشـــان نەداوە بە هەموو جۆرێك خزمەتی ئەم یانـــە گەورەیە کردوە بۆ ئـــەوەی بگەڕێتەوە ئاستی راستەقینەی خۆی.

*** هەســـت بە چی دەکەی کاتێك جەمـــاوەر بـــە (کاکا)ی عێراق بانگهێشتت دەکەن؟**

- هەســـت بە خۆشـــیەکی زۆر دەکـــەم کاتێـــك کە بە (کاکا)ی عێـــراق ناوزەند دەکرێم، بـــەڵام نازناو بە هیـــچ جۆرێـــك گرنگ نییـــە، بەڵکـــو گرنـــگ ئەوەیە کە باشـــترین ئاست نیشـــان بدەم کاتێك لەگەڵ هەڵبژاردەکانـــی عێـــراق یاری دەکەم بۆ ئەوەی دڵی جەماوەری عێـــراق خۆش بکەم.

***چۆن دەروانیە ئەم بۆندانە کـــە یاریزانـــە عێراقیەکان لەگـــەڵ یانەکانـــی دەرەوەی عێراقدا مۆری دەکەن؟**

- ئەوەی راستی بە هۆی ناڵەباری بارودۆخی ناوخۆی عێراق وا لـــە یاریزانەکان دەکات کە هەر بۆندێکی لە دەرەوەی عێراق بۆ بێت یەکسەر یاری بۆ ئەم یانەیە دەکات بێ ئەوەی سەیری ئاستی یاخود ناوی ئەم یانەیە بکات، بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێراق خـــۆش بێت من وەکو یاریزانێك یەکســـەر دەگەڕێمەوە عێراق بۆ ئەوەی یاری بۆ یانەی زەورا بکەم و بە هیچ جۆرێك ئەم یانەیە بە جێ ناهێڵم، یاریکردن لە خولەکانی کەنداو یاخود خولەکانی ئەورووپا ئاستی یاریزانەکانمان زۆر بەرز دەکاتەوە.

*** دوای ئەوەی ســـاڵێك لە یانەی مسکرمانی ئێرانی یاریت کرد، چـــۆن دەروانیە خولی ئێران؟ ئایا هیچ ســـودێکت لەم یانەیە وەرگرت؟**

- زۆر ســـودم وەرگرت، چونکە یەکەم جار بوو کە لە دەرەوەی عێـــراق یاری بکەم و خولی ئێـــران زۆر بەهێزە و یاریزانی بە توانای تێدایە راستە لە سەرەتا تووشی چەند گرفتێك هاتم، بەڵام توانیم رووبەرووی ئەم کێشـــانە ببمەوە و چارەســـەریان بکەم.

*** دوای ئەوەی هەڵبژاردەی عێراق بووە پاڵەوانی ئاســـیا، چۆن دەروانیە دوا رۆژی تۆپی پێی عێراق؟**

- دوا رۆژی عێراق هیچ مەترســـی لەسەر نییە، چونکـــە یاریزانی بە توانامان هەیە کە لە ریزی هەڵبژاردەکانی تازەپێگەیشتوان و لاوان یاری دەکەن و ئەنجامی بەرچاو بە دەســـت دەهێنین.



*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان چییە؟**

- هیـــوادارم بارودۆخـــی عێراق بـــاش بێت بۆ ئـــەوەی بتوانین لە یاریگاکانی عێراق یاری بکەین، تاکو جەماوەری عێراقی لە تامو و چێژی یارییەکانی هەڵبژاردەکانی عێراق بێ بەش نەبێت، ســـلاو و رێزم بۆ جەماوەری یانـــەی هەولێر هەیە و هیوادارم یانەی هەولێر لە پاڵەوانیەتی ئاسیا لە یاریگای هەولێر یاری بکات بـــۆ ئـــەوەی جەمـــاوەری هەولێر لە یارییەکانی یانـــەی هەولێر بێ بەش نەبـــن و هەروەها جەمـــاوەری یانەی هەولێـــر زۆر بە وەفایـــە و لە هەموو کاتێك هانی یانەی هەولێر دەدەن.

پەیمان سابیر پاڵەوانی عەرەب لە یاری گۆڕەپان و مەیدان

# بە دەست هێنانی ملوانکەی زێر لە پاڵەوانیەتی عەرەبی خۆشترین بیرەوەرەی ژیانمە

■ خاتـــوو پەیمان ســـابیر یەکێکە لە وەرزشـــوانە دیارەکانی یاری گۆڕەپان و مەیدان، ئەو یاریزانە هەر لە منداڵیەوە خولیای وەرزش بـــووە، بۆیە بەهۆی هەردوو ڕاهێنەران ڕێبـــوار محیەدین و ممتاز ئەحمەد توانیوویەتی خۆی لە یاری گۆڕەپان و مەیدان بدۆزێتەوە و گەلێك نازناوی بە دەست هێناوە کە دوایەمینیان بە دەستهێنانی دوو میدالیای زێر و برۆنز بوو لە پاڵەوانێیەتی گۆڕەپان و مەیدانی عەرەبـــی کە وڵاتی ئـــوردن میوانداری کرد،جا بەمەبەســـتی پتر ناســـاندنی ئەو ئەستێرەیە وەرزشییە بە پێویستمان زانی ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی وەرزشی بکەینەوە.■



*** وەك یاریزانێکـــی یانـــەی وەرزشـــی قەڵا لەو یانەیەتدا چی فێربووی؟**

- بـــەر لەوەی بچمـــە یانەی وەرزشی قەڵا وەك کاغەزێکی ســـپی وا بووم، بـــەڵام لەوێدا فێـــری خۆ ڕەوشـــتی بەرز و وەرزشـــێکی پاك بـــووم، ئەو وەرزشەی کە ناسنامەیەکە بۆ هەموو گەلان.

**※ لە کام پێشبرکێی گۆڕەپان و مەیدان ڕۆڵی دیارو و بەرچاوت هەیە؟**

- من وەك وەرزشوانێك لە توانامدایە گشت پێشبڕکێکان ئەنجام بدەم، بەڵام ئـــەوەی من خۆم حەزم لێیەتـــی ڕاکردنی (٤٠٠) مەتری بەربەست و (٤٠٠) مەتر و (١٠٠) مەتر.

*** وەك پێویست ئاور لەو یارییە دراوەتەوە؟**

- نەخێـــر بـــە هیچ جۆرێك ئاوڕ لە یـــاری گۆڕەپان و مەیدان نەدراوەتەوە، ئەگەر چی بە بووکی یارییەکانیش ناوزەندکراوە.

*** یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی کچ چۆن دروست دەبێ؟**

- ئەوەیـــان بۆ خودی ڕاهێنەر دەگەڕێتـــەوە، چونکە هەموو یاریزانێـــك وەك هەویر وایە لە ژێر دەســـتی ڕاهێنەر چۆنی بوێت وا دەیشێڵێت و یاریزانی باشی لێ دروست دەکات.

*** ئایـــا نەگەیشـــتوویە هەڵبژاردەی عێراق؟**

- بەڵێ گەیشتمە هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەهۆی هەندێك هۆکاری تایبەت بەخۆم نەمتوانی بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بکەم.

*** خۆشترین یادگاری وەرزشیت؟**

- خۆشترین یادگاریم بە دەستهێنانی دوو ملوانکەی زێر و برۆنز بوو لە دوا پاڵەوانێیەتی گۆڕەپان و مەیدانی عەرەبی لە وڵاتی ئوردن کە بە خۆشترین یادەوەری ژیانمە.

*** لە دونیای وەرزش تا ئێســـتا گرفتی لا بە لات بۆ دروســـت نەبووە؟**

- بەڵێ زۆر گرفتم بۆ دروســـت بووە، بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ دونیای وەرزش هەموو گرفتەکانم خستۆتە لاوە.

●●●
**بە هیچ جۆرێک ئاوڕ لە یاری گۆڕەپان و مەیدان نەدراوەتەوە**
●●●



●●●
**بەهۆی هەندێک هۆکاری تایبەت بەخۆم نەمتوانی بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بکەم**
●●●